# گەڕان بە دوای ڕووناکبیرە نائامادەکاندا



**ئامادەکردنی: هەندرێن**

**٢-٢**

لە ڕوانگەی مێژووناس، کریستۆف چارلی (Christophe Charle) ئەو مانفێستە نوێیە بریتییە لە گرووپێک کە ئەکتۆرێتێت، پایەی هێزەکەیان لە ناونیشانی پیشەکانیانەوە وەرگرت تاکوو لە ناوکۆییەکی تەواو جیاوازەوە بەڵگەکانیان لە هەمبەر دەسەڵاتدارانی قانوونی و سیاسیدا قووڕستر بکەن. بەمجۆرە ڕوودواوی Dreyfus_لەم سەردەمەدا وەک دەربرینێکی ناکۆک لە جڤاکی فەرەنسیدا خۆی دەنوێنێ. داکۆکیکارانی دریفوس کەسانێک بوون کە لایەنگیری سێکولارە کۆماریی، لیبرال و سۆسیالیستەکان بوون. کەچی ئەوانەی کە دژی دریفوس بوون کۆنپارێز، شاپەرست و بڕوادارانی کاسۆلیک بوون.

ستێفان کۆلینی (Stefan Collini)، کە پرۆفیسۆری مێژووی ڕووناکبیرییە لە زانستگای کامبریگ، لە کتێبە بە نرخەکەیدا سەبارەت بە مێژووی ڕووناکبیریی بەریتانی دەڵێ، سەرەتا چەمکی «ڕووناکبیر» لە زمانی فەرەنسیدا نیوەرۆکێکی نێگەتیڤی هەبوو، پاشان ئەو چەمکە لە زمانی ئینگلیزیی و زۆرێک لە زمانەکانی باکووری ئەورووپادا هەمان نیوەرۆکی نێگەتیڤی دەگەیاند.

بەمجۆرە ستێفان کۆلینی کتێبەکەی بە «هزرڤانە نائامادەکان -Absent minds» ناودێر دەکا. بە دیویکەوە دەکرێ بڵێین، کە ستێفان کۆلینی باس لە داب و نەریتی نائامادەیی ڕووناکبیر دەکا. ئەو لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا کە چەمکی ڕووناکبیر نەیتوانی بە ئاسانی لە زمانی ئینگلیزییدا ڕەگ داکوتێت، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەسانی ڕووناکبیر لە بەریتانیادا نەبن. لێ لە بەریتانیادا ئەو بابەتە بە ئەفسانە و تۆمەتەکانەوە دزێو کرا، بۆیە جوانکردنی ئەو بابەتە پیاوی خۆی دەوێ.

لە بەریتانیادا ئەو کتێبەی ستێفان کۆلینی، کە هەرچەندە بە زمانێکی وشک و ڕامانی وردەوە نووسراوە، وەک کتێبێکی سەرنجکێش و سوودبەخش دەناسێنرێت. هاوکاتیش کۆلینی بە ڕێگای پۆلێنکردنی قۆناغەکانی ڕووناکبیرییەوە ئاسۆیەکی هەمەڕەنگ بۆ خوێنەر ئاوەڵا دەکاتەوە کە چۆن لە مێژوو بڕوانێ. کۆلینی لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا، کە ئینگلیزەکان ئیرەیی بە Dreyfus دەبەن. بە واتایەکی دیکە، لە ئینگلستان بیرۆکەکانی لە مشتومر و گفتوگۆیەکاندا بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا ڕۆڵێکی بە هێزیان نییە. کۆلینی لەو بارەوە ئاماژە بەوە دەکا، کە تەنیا ئینگلیزەکان نین تایبەتمەندی خۆیان هەبێت، بەڵکوو هەر کۆمەڵگایە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. «تایبەتمەندی لە کن مرۆی ئینگلیزی» بۆ نموونە، هاومانای دەستەواژەی ئەڵمانی «Deutsche sonderweg»، دەستەواژەی ئەمریکی«پسپۆری ئەمریکی-American exceptionalism». هەروا هاومانای دەستەواژەی «سینگولاریتێتی فەرەنسی-la singularitè francaise»ە.

خودی چەمکی «ڕووناکبیر» چەمکگەلێکی زۆری دیکەی هەیە. بۆ نموونە، چەمکی «ئینتێل گێنتسیا»بە ڕووسیی و پۆلۆنی، «ئینتێلیگێنز» بە ئەڵمانی و «high brow» (low brow، middle brow) بە ئەمریکی، کە هەر یەکە لەو زمانانە هەوڵیانداوە لە بواری زمانەکەیاندا هەمان گۆڕان و ناکۆکیی کولتوورییە کۆمەڵایەتییەکەیان بەرجەستە بکەنەوە.

هەر لە بەراییەوە لە هەموو سەردەمەکاندا لە ڕووناکبیر چاوەڕوانکراوە کە لە بەرانبەر کێشە جڤاکیی و سیاسییەکاندا هەولوێستی خۆی بنوێنێ. بۆ نموونە لە ١ی ئۆکتۆبەری ١٩١٤ دا ٩٣ پرۆفیسۆری ئەڵمانی لە مانیفێستێکدا لە قووڵایی دڵیانەوە پشتگیریان لە خولیای ئەڵمانیا بۆ شەر کرد. ئەو بانگەوازە بە «بانگەوازی ڕووناکبیرانی ئەڵمانیا» نەناسرا، وەلێ دوای ساڵێک بێرتاند ڕاسل لە وەڵامێکی کورتدا ئەو بانگەوازەی بە دژە شۆڤینی، «داخوازییەک بۆ ڕووناکبیرانی ئەورووپا» ناودێر کرد.

ئەگەر مەترسی نازیزم نەبووایە، ڕاسلیش حەزی لەو بەناوکردنەی «ئینتێلێکتوێل/ڕووناکبیر» نەدەکرد. هەر بۆیە ڕاسل لە سەدەی بیستەمدا نزیکەی پەنجا ساڵ لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا وەک یەکێک لەو ڕووناکبیرە ناسراوانەی ئینگلیز وێنا دەکرێ، هەرچەندە خودی خۆشی پەو ناودێر کردنەوە ڕازی نەبوو. ڕاسل وەک سەلماندنێک بۆ ئەو نارەزیبوونەی بەرانبەر بە ناودێرکردنی ڕووناکبیر ئەو وتە ناودارەی نووسی:

«من هەرگیز خۆم بە ڕووناکبیر ناودێر نەکردووە و هیچ کەسی دیکەش لە بەرانبەر خۆمدا نەوێراوە ئەوە بکات. بە بڕوای من دەکرێ کەسێک وەک ڕووناکبیر پێناسە بکرێت، کە هەوڵدەدا وا نیشانبدا کە ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی زیاترە لەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی، ئومێدەوارم کە ئەو وێنەیە منیش نەگرێتەوە.»

ستێفان کۆلینی، کە حەز دەکا لە بن هەمبانەکە بدا، لەبۆیە دەکرێ ئەو وتەیەی سەرەوەی ڕاسل وەک وەڵامێکی گاڵتەئامێز بۆ پرسنامەیەکی ورووژێنەر و دەمارگر ببینرێت. بێرتراند ڕاسلی فەیلەسووف و چالاکڤانی ئاشتی یەکێکە لەو چوار چەشنە ڕووناکبیرە بەریتانیانەی کە کۆلۆینی جەختیان لەسەر دەکاتەوە. ئەوانی دیکەش بریتین لە شاعیر و ڕەخنەگر ت.س ئێلیۆت، ڕۆژنامەنووس، وتارنووس و ڕۆمانووس جۆرج ئۆروێل و ج. م مێژووناس تریڤێلیان . ئەو تایبەتمەندیانەی کە کۆلینی بە شێوەی جوودا پۆلێنیان دەکا و وێنایان دەکا، کۆڵەکەگەلێکی بنەڕەتین بۆ وێنەی ڕووناکبیر. هاوکاتیش ئەو ڕوانگەیەی کە ستێفان کۆلینی پێڕەوی دەکا، نە کۆمەڵناسییە و نە خودگەرایی (سوبێکتیڤ)شە. کۆلینی ڕووناکبیر لە چەمکگەلێکی وەک چینایەتی یان ڕەوتار پۆلێن ناکا. ڕاستییەکەی کۆلینی لە ڕوانگەی کولتوورییەوە پێناسەی ڕووناکبیر دەکا، ئەو پێناسەیەش بریتییە لە چوار پێوانە، کریتێریا. خەسڵەتی ڕووناکبیرێک لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە: (١) بەرهەمێکی هونەریی، ڕاڤەکاریی یان کولتووری بەهاداری بەرهەمهێنا بێت. (٢) دەستی بە چاوگەیەکی ڕاگەیاندن ڕابگا کە توانستی جەماوەرێک لە پێری پسۆڕەکان فروانترە. (٣) چەشنە بیر و بۆچوون و بابەتێکی سەلماندبێت کە پەیوەندی بە ڕا و پرسی گشتییەوە هەبێت. (٤) بەوە ناسراو بێت کە لە مێدیایەکی ڕاست و درووستدا بە شێوازێکی کاریگەر شتگەلێکی سەرنجکێش و گرینگی ڕاگەیاندبێت.

کۆلینی باسی ئەوە دەکا، کە ڕۆژگاری نێوان هەردوو شەری جیهانی، ڕاشکاوترین کات بوو بۆ ڕووناکبیرانی بەریتانی، هەرچەندە ئەوکات ئەو ڕووناکبیرانە خۆیان بە ڕووناکبیریش ناوزەد نەدەکرد. ئەو ڕووناکبیرانە بە گشتی لە چەپەکانەوە نزیک بوون. ئەو ڕووناکبیرانە، بە واتای وتە تەنزئامێزەکەی جۆرج ئۆروێل، «ڕێنماییەکانیان لە پاریس و تیۆرانینەکانیشیان لە مۆسکۆوە» وەردەگرت. ئەو ڕووناکبیرانە بە شێوەیەکی کلاسیکی، «Bloomsbury»-گرووپی یان پێکهێنا، بەردەوامیش گفتوگۆی ڕای گشتیان کۆنترۆڵ کردبوو. کاتێک ڕادیۆ لە کۆتایی ١٩٢٠ەکاندا مشتومر، دیباتێکی لە ژێر ناوی «کتێبگەلێکی زۆر دەنووسرێ؟» سازکرد، بەشدار بووانی ئەو مشتومرە لیۆنارد و ڤێرگینیە وۆلف بوون.

ستێفان کۆلینی لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا، کە ئەگەر مرۆ لە لە نیوەڕاستی ١٩٥٠ەکاندا پرسیاری لە نیوە خوێندەوارێکی بەریتانی بکردبا، کە گەلۆ وێنەی ڕووناکبیرێک چۆنە، ئەو کەسە بە گریمانەیەکی زۆرەوە وا وەڵامی دەدایەوە: «بۆڤێکی چاوبا ئاسا». ژان پۆل سارتەر، لە هەندێ کێبەرکێی تایبەتی لەگەڵ سیمۆن دێ بۆڤواردا، وێنەی ڕووناکبیر بۆ ئەو ئەورووپیانە بەرجەستەدەکاتەوە کە لە نێوان شەری جیهانی دووەم و کۆتایی شەری ساردا هەراش بوون.

وێڕای سیاسەتاندنی ١٩٦٠ەکانەوە نەوەیەکی نوێ بە هۆی گۆڤاری «New Left Review» ەوە دەرکەوت. بە واتای ڕەخنەگری ئەمریکی ئیرڤینگ هۆویس دێڤیسەوە، کاتێک ڕووناکبیر ناتوانێ هیچ شتێکی تر بکا ئیتر یەکسەر گۆڤارێک دەردەکا. (ئەم وێنەیە لە ڕووناکبیری ئەمرۆی کورد ناچێ). تێری ئیگلێتۆن، توم نایرنس و چەندانی دیکە لە پێناوی وەرگرتنی بەهرەی تیۆریی و سیاسی پەنایان بۆ کێشوەرەکانی دیکەوە برد، حەزیشیان دەکرد بە ڕووناکبیر ناودێر بکرێن.

بەمجۆرە دابرانێک دەستی پێکرد، ئەو دابرانەش لە ژێر کاریگەریی ڕەخنە لە ئاوەز و پۆستمۆدێرنیزم، پۆستکۆلۆنیالیزم و تیۆری ژنەندەرەوە پەرەی سەند. ئیتر لە سەرەتای ٢٠٠٠ەکانەوە «ڕووناکبیر» چ لە زمانی ئینگلیزی و چ لە زمانی سوێدیشدا وەک چەمکێکی دانسقە بەهای نەمایەوە. لێ خودی چەمکی ڕووناکبیر هەڵگری نارروونییەکی زۆرە. لەم ناوکۆییەوە کاتێک باس لە ڕووناکبیر دەکرێت، مرۆ بە دوای ئەو ڕووناکبیرە دەگەڕێ، کەچی هەمیشەش باس لە مەرگی ئەو ڕووناکبیرە دەکرێ (ئەو ڕووناکبیرەش هەمیشە وەک کەسێکی نێر، پیاو ناودێر دەکرێ) .

بەمجۆرە ستێفان کۆلینی بە پۆلێنکردنی سێ هۆکار مەرگی ڕووناکبیر ڕووندەکاتەوە: (١) بە تایبەتیکردنی ئەکادیمی. (٢) کولتووری ناوبانگی مێدیاکان. (٣) لاوازکردنی ناسنامەی سیاسی بە کولتووری ئەوکتۆرێتێتەوە. ئەو شتەی کە سندووقی دەبەنگییە تێگەیشتنی بۆ خەڵکی ئاسایی ئاسان نییە. ئەو ڕووناکبیرانەی کە دەبیسرێن و دەبینرێن ناسراوەکانن، تاکە هۆیەکیش بۆ ئەمە، لەبەر ئەوەی تەنیا ناسراون. ئەو بۆچوونانەی کە ئەو ڕووناکبیرە ناسراوانە بە حەماسەوە داکۆکی لێ دەکەن حەزی گرووپی بچووک_ کەمایەتییەکانە. لەو دۆخەدا ئەوەی کە قاچی ڕووناکبیر بەهێز دەکا، بەهای ئاوەز، ژیانی جڤاکی، ڕای گشتی، تێکرای خەڵک، ئاوەڵایی و گەردوونییە. بە واتایەکی دیکە: گەڕانەوەی ڕووناکبیرە بۆ ئەو زەخیرەیەی کە ئەو ڕووناکبیرە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە تاریکی مێژووەوە نمایشی کرد.

لێرەوە ئەو چاکەیە بۆ کتێبە سوودبەخشەکەی ستێفان کۆلینی دەگەڕێتەوە، کە ئەو مێژووە دژە ئایینەیە دەخاتە ژێر پرسیار و هاوکاتیش وەک ئەلتەرناتیڤێک وێنەیەکمان پێدەبەخشێ کە زیاتر قوورسایی دەخاتە سەر کێبەرکێ و جێگرتنەوەی یەکتری توێژەکان (ئێلیت) ڕووناکبیرەکانەوە.

دواجار کاتێک مرۆ وردتر لەو بابەتە دەهزرێ، ئەوکات بەو پرسیارە دەگا: گەلۆ لەو چرکە ساتەدا ئەوە کێیە کە دەتوانێ بڕیار بەسەر مەرگی ڕووناکبیر بدا، بێ ئەوەش خۆی وەک ڕووناکبیرێکی دەمراست نەزانێ؟

**سەرچاوە:**
**ڕەخنەگر و ڕۆژنامەوان**, Mikael Löfgren
**بەشی کولتووری** Dagens nyheter، **٢٤ی ئۆکتۆبەر**